ژماره: ......
ڕێکەوت: ......

دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی
شۆڕشگێڕی ەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

شماره : .....
تاریخ: ......

دفتر سیاسی کومەله -
سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران

---

زۆر بەڕێز مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

به داخێکی زۆرەوه, هەواڵی کردەوەی تیرۆریستی و تەقاندنەوەی مەڵبەندی سێی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانمان بیست و پێی دلگران بووین. شەهید بوونی ژمارەیەک لە سەرکردە و کادرەکانی یەکێتی نیشتمانی و خەلکی بێتاوانی شاری هەولێر بووە هۆی خەم و پەژارەی زۆرمان.

ئێمە ئەم کردەوە تیرۆریستی و ترسنۆکانەیە بە توندی مەحکووم دەکەین و دڵنیاین کە خەباتی ڕەوای گەلی کورد و تێکۆشانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەم جۆرە جینایەتانە بەری پێ ناگیرێ و سەرکەوتن هەر بۆ شۆڕشی کوردستانە و ریسوایی و شکست تەنیا چارەنووسی تیرۆریستانی دلڕەق و کۆنەپەرەستە. ئەم کارەساتەش بۆ جارێکی دیکە دەری خست کە ئەمانە دژی هەموو خەڵکی کوردستان و مافەکانی ئەم گەلەن.

لەلایەن خۆمان و هەموو کومیتەی ناوەندی و کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و تێکۆشەرانی کوردستانی ئێرانەوە پڕ بەدڵ سەرەخۆشیتان لێ دەکەین و لە ڕێگای ئێوەوە سەرەخۆشی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵەی ئەم شەهیدانە و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

2004\2\1